# زیاتر لە33 هەزار ژن، لە 15ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان سووتاوو کوژراوە!!

ناسك ئەحمەد
nasikahmmad2@yahoo.com

ڕۆژی سێ شەممە 2006/5/9 لە کەناڵی سەتەلایتی تەلەفزیۆنی پارتیەوەو لە بەرنامەی (ڕاڤە) دا،لەسەر تەوەری (عەلمانیەتو ئایین) گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزێك دەکرا، کەبەداخەوە بەهۆی درەنگ ڕاگەیشتنی منەوە، نەمتوانی ناوەکەی هەڵبگرم. لەبەشی کۆتایی گفتوگۆکەدا، بەڕێزی بە دەق ووتی: (تەنیا لەساڵی 2005 داو تەنیا لەشاری سلێمانی بەپێی ئامار (735) ژن بەهۆی سووتاوی یان کوژرانەوە گیانیان لەدەستداوە،ئەمە ئەگەر لە بریندار گەڕێیین). هاوکات ووتی: (من ئامارێکم بۆ شاری هەولێر لەبەردەستدا نیە تا پێتان بڵێم،بەلاّم دڵنیام ئەم ئامارە لەشاری هەولێر زیاترە)!

ئامارێکی چاوەڕوانکراوە، چاوخشاندنێکی خێرا بەنێو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردستانداو ووردبوونەوە لە هەواڵەکانی کوشتنو خۆسوتاندنی ژنان، کە ڕۆژانە چەندین ژن دەبنە قوربانی فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری، ئیتر سەرسورهێنەر نییە گوێ بیستی ئاماری کوشتنی سەدان ژن بین لەسالیکدا.

بە راستی چ کاریکی سەختە ئینسان ناچار بێت ژمارەی ئینسانە گیان لە دەستچووەکان ڕیز بکات وسەرژمێریان بکات؟!،بەلاّم ناچارین دەبێ تەحەمولی ئەو سەختیە بکەین،نەك لەبەر ئەوەی لە ئەرشیفدا هەڵیانبگرین، بەڵکو لەبەرئەوەی بەر بگرین بەو گولاّنەی کە هێشتا هەڵنەوەریوون. ئەمەش پەیوەندی بە ژیانی ئێستاو ئایندەی ئینسانەکانی کۆمەڵگەیەکەوە هەیە، کە ڕەنگە هەتا من ئەم نووسینە تەواو دەکەم، چەند جەستەیەکی تر تیایدا ببێت بە خەڵوز، چەندانی تر تیایدا بەچەقۆی قانوونی نامووسو شەریعەتو پیاوسالاری ژیانیان لێ بسەندرێتەوە!.بەلاّم سەرباری ئەو سەختیەی کە ووتم. وەرن با بزانین بەپێی ئەم ئامارەو بە پێی چەند ئامارێکیش کە لە ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە سالەکانی پێشودا کۆمان کردبۆوە، ژمارەی قوربانیانی ژنان لە 15 سالی دەسەلاّتی کوردایەتیدا گەیشتۆتە چ ئامارێکی مەترسیدار؟!.

ئاشکرایە، کە ساڵی 2005 ی کۆمەڵگەی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دەهەی ڕابردوو،تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازەو زۆر شت تیایدا گۆڕاوە. ئێستا بەهەر هۆیەکەوە بێت دەسەلاّتی دەستەوتاقمی چەقۆکێشی ئیسلامی کەمترەو دەستیان کەمتر دەڕوات. جەنگی ناوخۆی یەکێتیو پارتی کە تیایدا ئیسلامی سیاسی کارتیکی زێرین بوو لەنێوان هەر دوو بەرەی جەنگدا، ئێستا لە ئارادا نیە. ئاستی هوشیاریو تەوەقوعی خەڵك چووەتە سەرەوەو لە جاران زیاتر دەستیان بە هۆیەکانی ئاگاداربوون لە دنیا ڕادەگات، نارەزایەتیو بزووتنەوەی جەماوەری خەڵك بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان هەتا دێت بەرەو سەر دەچێتو خۆشخەیاڵییش بە دەسەلاّتی کوردایەتی ڕوو لەخوار. بەم مانایە چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئاماری کوشتنی ژنان لەم ساڵانەی دواییدا لە چاو ساڵەکانی پێشودا بەرەو کەم بوونەوە چووبێت.

ئەگەر وەك میوانە بەڕێزەکەی بەرنامەی (ڕاڤە)، ئەو دڵنیاییەی ئەویشمان نەبێتو ئاماری ژنانی کوژراو وسووتاوی شاری هەولێر وەك شاری سلێمانی حیساب بکەین،وباقی ناوچەکانی تری کوردستانیش وەك گەرمیانو شارەزوورو پشدەر وبیتوێنو دهۆكو بادینان هەموویان بە تەنیا شارێك دابنێینو وەکو سلێمانی حسابی بکەین. ئەوا ئاماری کوژراوو سووتاوی ژن لە ساڵی 2005 دا لە کوردستان دەکاتە 2205 ئینسان! ئەگەریش ئاڵوگۆڕەکانی دەهەونیوی ڕابردووی کوردستان وەك ووتم لەبەرچاو نەگرینو پێوانەمان تەنیا ئاماری ساڵی 2005 بێت، ئەوا ئاماری کوژران وسووتاندنی ژن لە 15ساڵی ڕابردووی ژێر دەسەلاّتی یەکێتیو پارتیدا لە کوردستان دەکاتە33075 ئینسان!!!.

چ کارەساتێکی ئینسانی گەورەیە؟! چ قەسابخانەیەکی قەسابیکردنی ئارەزووەکانی بەشەرە؟!. شکم هەیەلە هێرشەکەی جەنگیزخاندا بۆ ئەم ناوچەیە،کە تا ئێستاش مێژوو باسی دڕندەیی دەکات،ئەوەندە ئینسان کوژرابێت!.

هێزەکانی حەرەس جمهوری ڕژێمی بەعس نەهاتوون بۆ ئەنفال، کەچی زیاتر لە سێ یەکی قووربانیانی ئەنفال لە ژنانی کوردستان لە 15ساڵی ڕابردوودا ئەنفال کراوون ولاشەکانیان لە بیابانەکانی ئەنبار ونوگرەسەلمان نین، وان لە کوردستانو لە ژێر پێی سەرانی یەکێتی وپارتیدا شاردراونەتەوە!. فڕۆکە جەنگیەکانی ڕژێمی بەعس نەهاتوون بۆ وەشاندنی بۆمبی کیمیایی، کەچی حەوت ئەوەندەی قووربانیانی هەڵەبجە لە ژنانی کوردستان خنکێنراون!.هیتلەرو نازیزم نەماوە، کەچی کوورەکانی ئینسان سووتاندن (هۆلۆکۆس)ی ژنان لە کوردستان ئاگرەکەی هەر کڵپە دەسێنێ!. شەپۆلەکانی (تسۆنامی) ڕووی نەکردۆتە کوردستان، کەچی دەیان هەزار ژن لەبنی دەریای کوردستاندا غەرقبوون!. بەڕواڵەت جەنگێك ڕووینەداوە، کەچی زیاتر لە بیست وپێنج ئەوەندەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، لە ژنانی کوردستان بەبێ ئەوەی سەرباز بووبنو خاکی هیچ شوێنێکیان داگیر کردبێت، لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا کوژراون!. ئەمە ئەو گۆڕستانە گەورەیەیە بۆ ژنانی کوردستان، کە(مهاباد قەرەداغی) لەپشتی

پارێزەرانیەوە بانگەوازی ژنانی کوردستان دەکات شانازی پێوە بکەن !. ئەمە ئەو قەسابخانەیەی ژنانی کوردستانە، کە خانمی (ڕوئیا تلوعی) ئاواتە خوازە کوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە !.

هۆ خەڵکینە!.کێ لەم کۆمەڵکوژیەی ژنانی کوردستان بەرپرسیارە؟!. ئینسان دەبێ یەخەی کێ بگرێو بیکێشێتە دادگای ئینسانیەتەوە؟!.

لە هەموو شوێنێکی دنیادا وەختێك قسە دێتە سەر لێپرسراویەتی لە هەر کارەساتو دیاردەیەکی دیاریکراوی هەر کۆمەڵگەیەك، بێ سێ دوو دەچنە سۆراغی دەسەلاَتدارانی ئەو شوێنە. بۆ بە دواداچوونی کارەساتە ئینسانیەکەی (دارفۆر) یەخەی دەسەلاَتەکەی (عومەر بەشیر) گیراوە. لافاوو باو بۆرانو زەمین لەرزە لە هەر جێگایەکی دنیادا خەڵکی ئاوارەو بێ جێگەو ڕێگا بکات،خەڵکی دەستبەجێ بەر پرسیارەتی قەرەبووکردنەوەی زیانو نیشتەجێکردنەوەی دانیشتوان دەخنە ئەستۆی دەوڵەتو دەسەلاَتداران. ئەوە چەندین مانگە لە دادگایەکی گاڵتەجاڕانەدا (سەدام حسێن)و دارو دەستەکەیان لەسەر بێسەرو شوێنکردنی چەند سەد کەسی خەڵکی (دجێل) بە گیروگاز هێناوە. بەلاَم بەئەندازەی هەموو دانیشتوانی ئێستای (دجێل) ژن لە کوردستان کوژراوە!، ئێمە بچینە سۆراغی کێ؟!.

ماوەیەك بەر لە ئێستا دوو ئەندازیاری ئەڵمانی لە شاری بەغداد ڕفێنرابوون. کەسوکارو هاوکاران وچەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆری تری ئەڵمانیو خەڵکێکی زۆر یەخەی دەوڵەتی ئەڵمانیایان گرتبووو داوایان دەکرد (تۆبیاسو میشێل) یان بۆ بهێنێتەوە. ئێمە یەخەی کێ بگرین بۆ ئەوەی 33075 ئینسانمان بۆ بهێنێتەوە؟!. ئاخر ناتوانین باوەڕ بکەین بەوەی کە ئیتر (خونچە) ی دراوسێمان نابینین!. ناتوانین تەحەمولی پرسیاری (شێرزادو کنێرو ڕازاو) بکەین، کە دەپرسن دایکیان لە کوێیە!.کە دەپرسن خوشکی گەورەیان بۆچی وا دوا کەوت وهەر نەگەڕایەوە؟!. باوەڕ بکەن دڵی ئێمەش وەك دڵی دا یك وباوكو هاوڕێو خۆشەویستەکانی (تۆبیاسو میشێل) ە.

دەبێ بەر لە هەر کەسێك یەخەی (مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی) بگیرێ. لەوان بپرسرێ، کوان ئازیزەکانی دراوسێمان؟!.کوان هاوشاریەکانمان؟!. فلاَن کەسی دراوسێمان کوا؟!.لەگەڕەکی ئەودیومانەوە کیژۆڵەیەك هەبوو جارو بار دەهاتە نانەواخانەکەی پشتمانەوە، کوا بۆ دیار نیە؟!. بچین یەخەی بارزانیو تاڵەبانی بگرینو پرسیاریان لێ بکەین، ئەوە چۆنە دەزگاکانی پاراستن وزانیاریتان دەزانن مامۆستایەکی زانکۆ قسەی بە تاڵەبانی ووتووە،یان فلاَن کەس لەشانی بارزانی کەم کردۆتەوە؟!. ئەوە چۆنە دەزگاکانی هەوالگریتان دەزانێ (زمناکۆ عەزیز) لە چاپخانەی شەعب دانیشتووەو سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ئاکسیۆنە؟!. چۆنە دەزانن (ئاسۆس هەردیو تواناعوسمان) هەڵەیەکی چاپیان کردووەو شەش مانگە دادگاتان بۆ هەڵخستوون؟!، ئەی بۆ ناپرسن سۆماکان وپرشنگەکانو شیلانەکان کوان؟!. هێزێك لەماوەی 15 ساڵی دەسەلاَتیدا 33075 ژن دیار نەما بێت، تەنیا بۆ ئەوە باشە ژێرەوژووی کەیت.

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

دەزانم غەمو باری گرانی گەندەڵیو تالاَنوبڕۆیی دەسەلاَتدارانو گرانی سەرسوڕهێنەری بازاڕ، نیگەرانیو دڵەڕاوکەی چارەنووسی سبەینێی کوردستان لە ژێر دەستی مافیاکانی بەغدادا، باری گرانی بێ ئاوی وبێ کارەبایی بیرکردنەوەی ئینسان گۆج دەکات. دەزانم غەمی بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانە بارێکی گرانەو زۆر جاربوار نادات ئینسان سەر بەرزبکاتەوەو برێك ئەولاتری خۆی ببینێت. بەلاَم کوشتنی ژنانو دەستبردنی ژنان بۆ ئاگر بەردان لە جەستەی خۆیان،کێشەیەکی لاوەکی کۆمەڵگە نیە. باوەڕ بکەن لە کۆمەڵگەیەکدا ژن بکوژرێت یان خۆی بکوژێت، کۆمەڵگە تاریك دەبێت. لە کۆمەڵگەیەکدا دانیشتوانەکەی بێ دەنگە لە کۆچکردنی هەتا هەتایی لەشکرێك ئینسان بکات، دەسەلاَتدارانی وەك ئێستا بە فیشەك وەلاَمی خواستە ڕەواکانی خەڵك دەدەنەوە. لە کۆمەڵگەیەکدا ژن بکوژرێت، ئازادیخوازان جێگایان زیندان دەبێتو قەڵەمی ئازاد دەشکێنرێ. لەکۆمەڵگەیەکدا قەتڵی ناموسی هەبێت (مەریوان هەڵەبجەیی) یەکان،لەسەر نووسینی کتێب، دەبێ لەترسی چەقۆکێشانی ئیسلامیو شەریعەت، شەوانە ماڵەوماڵ بکەن!.لە کۆمەڵگەیەکدا ژن بکوژرێتو کەس یەخەی دەسەلاَتداران نەگرێت، توزێك لەولاترەوە مندالاَنی دایك وباوك ئەنفالکراو،سوالَ دەکەن!. لەخۆڕانیە بەرەی کۆنەپەرستی بۆ لە خوێن هەڵکێشانی کۆمەڵگە بەر لە هەرشتێك لەمەسەلەی ژنەوە دەست پێ دەکەن. مەسەلەی ژن مەسەلەی تەواوی کۆمەڵگەیەو بناغەی سەرەکی ئازادیو مۆدێرنیزمی کۆمەڵگەو مافە سەرەتاییەکانی ئینسانە. بۆیە نابێ لەم تاوانە گەورەیە خۆش بین. تاوانبارانی ئەنفالکرنی ئەم هەزاران ژنە پارتیو یەکێتین. تاوانباران (مەلابەشیرەکانو شێخ زاناکانو مەلاعوزێرەکان) ی فتواچین، کەلە نێو وەزارەتی ئەوقافی ئەواندا پارە وەردەگرن. تاوانباران ئەوەتان لە نێو قانوونەکانی دادگاکانو بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانو نوێژی جومعەکان ومەنهەجی خوێندنی مندالاَنی قووتابخانەکان، کە هەموویان برەو دەدەن بە جەهالەتو کۆنەپەرستیو فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری. کە هەموویان چەقۆ دەدەنە دەستی باوك وبراو کەسوکارو تەنانەت خودی ژنان،کە ژیان لە نزیکترینو خۆشەویسترین کەسیان وەر بگرنەوە. بزووتنەوەی کوردایەتی وشەریعەتو دین دوو دیوی پارەیەکنو مانەوەی یەکتری تەواو دەکەن. بۆیە بۆ کۆتایی هێنان بەم کۆمەڵکوژیەی ژنان دەبێ یەخەی یەکێتیو پارتی بگیرێو ڕاپێچی دادگای ئینسانیەت بکرێن.

**ئازادیخوازانی دنیا، ڕێکخراوە ئینسان دۆستەکان.**

**یەکێتیە کرێکاریەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان!**

وەرن ببینن،لەسایەی دەسەلاَتی دۆستەکانی ئەمریکادا،کوردستان کراوەتە چ گۆڕستانێك بۆ ژنان. (735) ژن تەنیا لە سالێکداو تەنیا لەشاری سلێمانی کوژراو وسووتاون!. ئێوە دەزانن، ئەگەر نیوەی ئەم ژمارەیە لە (بەورو شێرو پڵنگ) ەکانی ئەفریقای خواروو،یان جەنگەڵەکانی مالیزیا سالاَنە کەم ببێتەوە، دەستبەجێ سەدو یەك

ئۆرگانو ریکخراوی جۆراوجۆر لە دنیادا لەسەریان هەڵدەداتێ و سزای توند لەسەر ڕاوکردنیان دادەنرێت. ئەوەتا لە کوردستان بکوژانی ژن دەسەلاّتدارن!.قانوونی ڕاوکردنی هەموو ڕۆژەی ئینسان بەڕێوە دەبریّ!.

بۆ قەدەغەکردنی کوشتنی ژنانو سەندندنەوەی ژیان لێیان ودادگاییکردنی تاوانبارانیان وەرن پشتیوانیمان بکەنو لەگەڵمان بن. بۆ کۆتایی هێنان بە کوورەکانی ژن سووتاندن لە کوردستان، فشار بخەنە سەر دەسەلاّتی کوردایەتی. باوەڕبکەن هەر گیز لێتان خۆش نابین، ئەگەر لە کۆڕوکۆمەڵو کۆبوونەوەکانی خۆتاندا دەسەلاّتدارانی کوردستان وەکو نوێنەری خەڵكو سۆسیال دیموکراسیو هێزی عەلمانی پێشوازیان لێبکەن. ئەمە ئەرکی هەر کەسێکە، کە زەڕڕەیەك ئینسانیەتی تێدا بێتو ویژدانی بەخەبەر بێت.